# زانكۆیەك بۆ گۆڕان,پەیامێك بۆ سالی تازە
## (لە سالڕۆژی خۆپیشاندانی قوتابیانی زانكۆی صلاحدین) دا

**بەشدار علی**
Bashdar_net@yahoo.com

سێ سالٚ لەمەوبەر لە 2002/12/31 دا بەهەزاران قوتابی لەسەرجەم كۆلیژەكانی زانكۆی صلاحدین رژانە سەرشەقامەكان و تادرەنگانی شەو كوچەوكۆلانەكانی هەولێریان كردە شوێنی نمایشی پرلەنارەزایەتی خۆیان0 لەم پرۆژەدا بركانی پرلەرق وكینەی قوتابیان بەرووی خولقێنەری وەزعیەتی مەرگەساتی بەشەناوخۆیەكان و كۆلێژەكان تەقیەوە 0 قوتابیان بە جوانترین وبەگەرمترین شێواز پێشوازیان لەسالی تازەكرد, بۆئەوەی بەهەناسەیەكی تازە و یەكگرتووە وە بچنەنێو سالی تازەوە و چونكە دواهەمین رۆژی سالە رابردوو پێ گوتبوون جگە لەخۆتان كەس بەهاناتانەوە نایەت 0 قوتابیان لەرۆژی 28 / 12 بەشێوازێكی هێمن و لەسەر خۆ لەرێگەی نوێنەرەكانیانەوە بەرپرسانی زانكۆیان ئاگادار كردەوە كە دواكەوتنی دەرمالەی سێ مانگی رابردوو قوتابییانی هەراسان كردوە , نەبوونی ئاو سووتەمەنی و پێداویستیەكانی بەشەناوخۆیەكان بەوپەری خۆی گەیشتووە , سیستەمی ئێستای زانكۆكان بۆتە هۆی ئیفلیجی عەقلی قوتابیان بۆیە پێویستە بەزووترین كات ئەم سیستەمە دارزیوە بگۆردرێت , وەچەندین داخوازی تر 0بەلاٚم دەسەلاتداران وبەرپرسانی زانكۆ وەكو پیشەی هەمیشەییان بەیەك دوو بەلێنی بۆش هەموو كارەكانیان كۆتای پێ هێنا 0 ئیتر تورەی قوتابیان چیتر لەناخ دا نەیتوانیپەنگ بخواتەوە , چونكە چیتر نەی دەدتوانی خۆی لە خاوەنی یانە كۆلیژ بدزێتەوە و قەرزەكەی نەداتەوە , چونكە قوتابییانی دەرەوەی شار دوومانگ بوو لەخێزانەكانیان دابرابوون و پارەی سەفەرو هات وچۆیان نەمابوو ئیتر ئەو مامۆستایانەی كە حزب و دەسەلاتیان وەكو كوێخا وئاغا هەمەكارە پێدەناساندین دەبوایە بكەونە ژێر پرسیارەوە 0پەیامێك بۆگوێی سالی ئایندە بۆئەوەی سیەكی تایبەت بۆهەناسەو قورگێكی پۆلاین بۆهاوارو شەقامێكی فراوان بۆ خۆپیشاندان و نارەزایەتیەكان دابین بكات0 ئاهەنگی پێشوازی لەسالی تازەی(2003) لەهۆلی پرسگەی كۆلیژەكان بەئامادەبوونی گرۆپێكی زۆر لەئاسایش وپۆلیس و گۆرانی وئاوازەكانی (برۆنەدواو000000 دەنگ هەلمەبرن ....... بلاٚوەی لێبكەن ) لەگەلٚ دیاری حكومەت كەبریتی بوو لە دەست وقاچی شكاوی راپێچكردنیان بۆنێو زیندانە تاریكەكان , بەرێوەچوو 0 لەم رۆژەودا قوتابیان بەتونترین شێواز كەوتنە بەر شالاٚو هێرشی دەسەلاتداران بەبەهانەی ئەوەی كە خۆپیشاندانەكە دەستێكی لە پشتەوەدەیانەوێت ئاژاوە بنێنەوە !! بەلاٚم بەووردبوونەوەیەكی خێرا لە خواست وداوا سادەكانی قوتابیان و هەلوێسی دەسەلاتداران لەبەرامبەر نارەزایەتیەكانیان و سەركوت كردنیان, تێدەگەین كە دەسەلاتدارانیكوردستان یەك ئۆزقالٚ نزیكایەتی لەگەلٚ خواست و هیواو ئاواتەكانی خەلك نەبووە و نیە0 هەر ئەو بەرپرسانەی بەرۆژەوە رێیان لە خۆپیشاندان دەگرت و بەدەست وقاچ شكاوی بەرەو زیندان و نەخۆشخانەكانیان بردن و بۆشەوەكەی لەئاهەنگی سالی نوێ لە هوتێلٚ ویانەكان دەستیان بەكچ وژنەكان گەرم دەكردەوە , قوتابییانیش لەبەشەناوخۆی بەنۆبەت دەستیان لەبەر سۆبەگەرم دەكردەوە , ئەوان لە هۆلەگەرموپرلەهەراو زەناكان سەمایان دەكردو هەناسەیەكی گەرمیان هەلدەكێشا , قوتابییانیش لە ژوورە ساردو بێدەنگەكان لەحەسرەتی نەتوانینی گەرانەوی بۆ خەیالی ماچی دایك و هەناسەیەكی ساردیان هەلٚ دەكێشا0بەهەر شێوازێك قوتابیان لەماوەی شەو رۆژێك دا توانیان گەورەترین و پرشنگ دارترین مێژوو بخەنە سەر خەرمانەی مێژووی ئازادیخوازی قوتابیان, سەرەرای هەموو رێگریەكان لەناوەوەودەرەوەی زانكۆدا, ئیتر خۆپێشاندان ورێپێوان بوە مۆدێلێكی باوی نێو زانكۆو رۆژانە لە بەش وكۆلێژەكان دەنگیان هەلدەبری و بەرپرسانی هەمیشە خەوتوویان لەگەندەلی و نایەكسانی ئابووری وئیداری ئاگادار دەكردەوە , بەئاگاهاتنەوەكە كەسانێك هەن كەدەیانەوێت هەبن وەكو ئەوەی كە خۆیان دەیانەوێت, نەوەك وەكوئەوەیكەئەوان دەیانەوێت 0 هەردوای ئەو خۆپێشاندانە زنجیرەیەك نارەزایەتیلەبەش وكۆلێژەكان دژی مامۆستا فایل دارەكان كەتائێستاش هەمەكارەن لە زانكۆ, بۆ نەبوونی تاقیگە وهۆلی هاوچەرخ ولەدژی بەئەهلیكردنی ناوەندەكانی خوێندن , سەری هەلدا و زۆربەشیان ئامانجی خۆیان پێكا0

دوای سێ سالٚ , كام گۆران ؟ كام رێگا چارە ؟

بۆهەموولایەکمان ڕۆشنە کە زانکۆکانی کوردستان لەبارودۆخێکی زۆرخراپی زانستی ومەعریفی و کۆمەلاَیەتی بەدرێژای ئەم ساڵانە لاشەی مردوی خۆیان ڕادەکێشێت , ئاستی ڕۆشەنبیری قوتابیان لە نێوشەمەندەفەرێکدایە و شۆفێرەکەشی (حزب و دەسەڵاتە)کە هەرگیز نایانەوێت بگاتە وێستگە چاوەروانیەکانی قوتابیان , حزب بەو پەری ڕەهاییەوە دەست دەخاتە نێو هەموو کارو بارەکانی زانکۆ و کۆمەلێك بەرپرس و مامۆستای نەشیاوی حزبی و سەلەفی دژ بەگۆڕان ودژبەعەقل وبیرکردنەوە و خەونەکانی لاوان و قوتابیان وەکودێوەزمەیەك بەوپەڕی بێویژدانیەوە بەرامەرەکانیان ڕەت دەکەنەوە بە هەزارویەك شێوە سووکایەتی بەهەست ونەستەی قوتابیان و عەقلیەتی نوێ و ڕەهەندەکانی فکرو مەعریفەدەکەن 0زمانێکیتاکڕەهەندییانەیحیزبیدەسەلاَتداربە دریژایی ئەم چەند ساڵە زمانی زاڵ بووە خەڵکانی ڕەخنەگری پێ سەرکوت کراوە, مافە فەلردی و مەدەنیەکان و ئازادییە تاکە کەسیەکان بوونی نیە,نەبوونی خزمەت گوزارییە سەرەتاییەکان و گرانی و برسیەتی و بێدەرەتانی بەشی هەرە زۆری حەڵکی هەراسان کردووە و بەرپرسانیش گەیشتوونەتە لوتکە0 هیشتا قوتابیان لە ناخۆشترین وەزعیەتدا ژیان دەگوزەرێنن, هیشتا بەشە ناوەخۆییەکان خلّیە لە ئاو و سوتەمەنی و پێداویستە سەرەتاییەکان,بە هەمان ریتمی پێشتر ناوەندەکانی خوێندن لق و مەلبەندن,سیستەمە دارزیوی خوێندن هەر درێژەی پێدەدرێت, هیشتا دەرمالەی کەمی قوتابیان دوادەکەوێت,لەگەڵ بوونی چەندین کێشەی تر....0 دەسەلاَتدارانیش هەر لە ئامادە باشی دان بۆ ئەو کەسانەی کە بەم ژیانە پڕ لە دەردەسەریە دەنگ هەلّدەبڕن0 هەر لەم مانگەدا زنجیرەیەك نارەزایەتی بۆ لایەنی کەمی ئەم پێداوبستیە سەرەتاییانە لە زانکۆکانی سلێمانی و سەلاحەدین بەرز بوویەوە, بەلاَم زوو فریایان کەوتن و دەمکوت کرانەوە0ئیتر ریکخراو نەبوونی ئەم نارەزایەتیانە و سەراسەری نەبونەوەی لە ئاستی کوردستان و عێراق وایکردووە دەسەلاَتداران بە شیوازی جیاجیا ئەم نارەزایەتیانە لەبار بەرن و گوێ بە خواستەکانیان نەدەن و یاخود بەشێوەیەکی کاتی مل بە هەندێك لە داواکان بدەن و پاش فەترەیەکی کەم بە هەمان شێوەی پێشتر بە فەرامۆشیان سپاردوە0 تەنها رێکخراو بون و یەکگرتووکردنی نارەزایەتیەکان دەتوانێ زامنی مسۆگەر کردنی تەواوی ماف و ئازادییەکانی قوتابیان بێت, بۆیە پێویستە بە زووترین کات ریزەکانی خۆمان یەکگرتوو بکەین و هیزیلەبن نەهاتوومان لە ئاستی سەراسەریدا کۆبکەینەوە و کات درەنگەو پێویستە پەلەی لێبکەین بۆ ئەوەی ژیانێکی گەنجانە و قوتابیانەو بەهرەمەند بوون لە سەرجەم پێشکەوتنەکانی سەردەم و خۆشی و ڕەفاهیەتەکانی ژیان و لەگەڵ بوونی سەرجەم پێداویستەکانی ناوەندەکانی خوێندن و بەشە ناوەخۆییەکان ومافە فەردی و مەدەنیەکان بۆ هەموو خەڵك بەبێ جیاوازی رابگەیەندرێ0بەرزو بەریز بێت نمایشی هەمیشە زیندووی قوتابیانی زاکۆی سەلاحەدین 0